پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەفرەزەیەکی نارد، وتووشی سەرما بوون؛ کاتێک گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیانکرد بەوەی مەسح بکەن بەسەر عەمامە وگۆرەوییەکانیان

لە سەوبانەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەفرەزەیەکی نارد، وتووشی سەرما بوون؛ کاتێک گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێیانکرد بەوەی مەسح بکەن بەسەر عەمامە وگۆرەوییەکانیان».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆمەڵێک لە هاوەڵانی نارد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کافرەکان، لە کاتی ڕۆیشتنیاندا لابردنی عەمامەکانیان بەسەریانەوە وداکەندنی خوفەکانیان -گۆرەوییەکانیان- لە پێیان؛ قورس بوو بە لایانەوە ئەمیش بەهۆی ساردی کەش وهەواوە، وکاتێک هاتن بۆ مەدینە ئەم باسەیان گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ ئەویش ڕێگەی پێیاندا بۆ مەسحکردن لەسەر عەمامە وخوفەکانیان، ئەگەر خوفەکە -گۆرەوییەکە- لە پێست یان خوری یان قوماش دروستکرابێت، ئەمیش بۆ ئاسانکردنە لەسەر مسوڵمانان، ئەمیش سونەتێکی جێگیرکراوە بۆ کەسی نیشتەجێبوو وکەسی ڕێبوار -موسافیر- بە عوزر -بیانوو- یان بە بێ عوزر بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8391